
دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

نێوەندی توێژینەوەی شانۆی کولتوریی

# ژان ژینییە ئەفسانە و واقیع

دانا ڕەئووف

ناوی کتێب: ژان ژینییە
نووسینی: دانا ڕەئووف
بابەت: لێکۆڵینەوە
دیزاین: ئارام عەلی
تیراژ:
نرخ:
چاپی یەکەم: دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٤
کوردستان – سلێمانی



## ناوآخن


نووسەری بەندیخانە

ژان ژینییە: شەهید و قەدیس

ژان ژینییە و خەباتی گەلانی ژێردەستە

ڕۆمان یاخود بیۆگرافیا

مەرگ و دوا وێستگەکانی ژیان

گوتار و هەڵوێستێکی تری توندوتیژی ژینییە

شانۆ و سەرەتایەکی بەهێز

چاودێرییەکی توندوتیژ

کارەکەرەکان

بانیژە

ڕەشپێستەکان

پەردەکان

دیدی ڕەخنەگر و خوێندنەوەی شانۆنامەکانی ژینییە

ئارتۆ و ژان ژینییە

گەڕانەوە بۆ ڕیتواڵەکان

کارەکەرەکان

گرفتی تەنگەژە چینایەتییەکان

(کارەکەرەکان) لەنێوان گەمەی دەسەڵات و لەدەستدانی خوددا

ژیانی ژان ژینییه، لەدایکبوونی، گەورەبوونی، یاخیبوونی، نووسینەکانی، پێوەندییە سێکسییە ناتەباکانی، بەدمەستیی، سوالّکردن، دزیی، هۆمۆسێکسوالّیی، بێلانەیی، بەرەلاّیی، بەندیخانە و تەنانەت مەرگی خۆشی و واقیعیش لەسەر هەموو ئاستەکان تێکەلاّوی ئەندێشەیەکی بێ مەودا دەکات و ئەفسانەیەکی جیاواز دەخولّقێنێت. ئەفسانەیەک، کە فەیلەسوف و نووسەری گەورەی فەڕەنسی ژان پۆلّ سارتەر ١٩٠٥-١٩٨٠- بە (قەدیس و شەهید) ئاماژەی بۆ دەکات. ژینییەی ئەفسانە، ژینییەی یاخییە و یاخیبوونێکی ڕەها فەلسەفەی نووسەرێکی گەورە، لە دەرەوەی ڕێسا و بنەما لۆژیکی و موراڵییەکانەوە دەستەبەر دەکات و فۆرمێکی فیکری و لەهەمانکاتدا ڕیتواڵی پێ دەبەخشێت.

ئەم نووسەرە لە نۆزدەی مانگی دیسەمبەری سالّی ١٩١٠دا لە پاریس بە زۆڵیی لە دایک بووە، باوکی تا ئێستایش نازانرێت کێ بووە، دایکی ئافرەتێکی سۆزانی بووە و بۆ دابینکردنی ژیانێکی کولەمەرگیی جەستەی خۆی فرۆشتووە. لەدایکبوونی ژینییەیش

هەر لەسەرەتاوە کارەساتێکی کۆمەڵایەتیی، ئاکاریی و دەروونیی بۆ ئافرەتێکی بێکەسی بێدەرامەت دروست دەکات. بێگومان ئەو دایکە نەک توانای پەروەردەکردنی ئەو کۆرپەیەی نابێت، بەڵکو ناتوانێت لەسەر ئاستێکی زۆر ساکاریش، بژێوی ژیانی خۆیشی دابین بکات. لەبەر ئەوە، ئەو دایکە تەنها دوای حەوت مانگ ئەو کۆرپە تازە لەدایکبووە دەداتە دەست یەکێک لە هەتیوخانەکانی ئەوکاتەی پاریس.

هەر بە ماوەیەکی کەم خێزانێکی جووتیار لە باشووری فەڕەنساوە دێن و ئەو منداڵە هەتیوە دەگرنە خۆیان، بەڵام ژینییە هەرگیز لەنێو ئەم خێزانەدا جێگای نابێتەوە، نانێکی گەرم ناخوات و ناشبێتە منداڵی ئەم خێزانە و هەر زوو لەسەر دزیی پەرتەوازە دەبێت. پەرتەوازەبوونی ژینییە لەو سەرەتایەدا، لەو دەسپێکە نوێیەی ژیاندا، پەرتەوازەبوونی مرۆڤێکی گەورە و لەدایکبوونی ئەفسانەی جیهانێکی نوێیە. ژینییە لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە واز لە قوتابخانە دەهێنێت، ڕێگایەکی چەوت دەگرێتە بەر، دەبێتە دز، هۆمۆسێکسواڵ، بەدمەست، شەڕانی و دوای ئەوە بۆ چەندین جار لەسەر دزیی دەگیرێت و دەخرێتە بەندیخانەوە، کە بۆ یەکەمجاریش دەگیرێت و زیندانی دەکرێت، تەمەنی تەنها پانزە ساڵان دەبێت. بەم شێوەیەیش ژینییە هەموو قۆناخی هەرزەکاریی و گەورەبوونی لە بەندیخانەی چاکسازیی گەنجان و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەباتە سەر، زۆر جار ڕادەکات و دەگیرێتەوە، ڕادەکات و دەگیرێتەوە. کە گەورەش دەبێت، بەشێکی زۆری تەمەنی هەر لە بەندیخانەکانی فەڕەنسادا دەباتە سەر.

ژینییە لە دەیەی سییەکانی هەزارەی ڕابردوودا، وەک هەرزەکارێک، گەشتێک بەنێو زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا دەکات، لەم قۆناغەیشدا زیاتر وەک دزێکی بچووک دەناسرێت و هەر لەم سەردەمەیشدا دەکەوێتە فرۆشتنی لەشی خۆیشی. لەشفرۆشی بۆ ژینییە ئامرازێک بووە بۆ دەرامەت و بژێوی ژیان، بەڵام دواتر دەبێتە چێژ و هێماگەلێک و سیمایەکی تایبەتمەندی ژیانی ئەم نووسەرە

## نووسەری بەندیخانە

یەکەم ڕۆژی لەدایکبوون، دەبێتە یەکەم ڕۆژەکانی دیاریکردنی چارەنووسێکی ڕەش و هەڵگێڕانەوەی بەهاکانیش، یەکەم ڕۆژەکانی ژیان لە هەتیوخانەکانی پاریسدا دەباتە سەر و لەنێو دیوارە ڕەق و تەقەکانی بەندیخانەکانیشدا گەورە دەبێت. ژینییە لە بەندیخانەکاندا هەست بە ئازارەکانی هەتیویی خۆی دەکات، لەهەمانکاتدا لە مانا ڕاستەقینەکانی سەربەستییەکی ڕەهایش دەگات؛ ئەو سەربەستییەی، کە بۆ ئەو بە تەواوی بزرە. ژینییە لە دەروازەی بەندیخانەکانەوە، لە ڕوانگەی ژیانێکی بوهیمییەوە، هەموو تەمەنی خۆی بۆ گەڕان و دۆزینەوەی چەمک و ماناکانی وشەی سەربەستیی تەرخان دەکات. هەر لە بەندیخانەیش لە ئازارەکانی (ئەوانی تر) دەڕوانێت و لێیان تێ دەگات، ئەوانی تر کە سارتەر بە (دۆزەخ) ئاماژەیان بۆ دەکات، بەڵام ژینییە لەو دۆزەخەدا، دۆزەخی هاوڕێکانی بەندیخانەی، ئارامیی دەدۆزێتەوە.

بێ دایک و باوکیی و بێلانەیی وا لەم نووسەرە دەکات ڕێگایەکی

تر، جیاواز لەو ڕێگایەی، کە یاساکانی کۆمەڵگا دایانڕشتووە، هەڵبژێرێت. بەڵام لەو ژیانە پڕ لە تاوانە، بێگومان بەپێی یاساکانی کۆمەڵگا، سەربەستییەکی ڕەها بۆ خودی خۆی دەخولقێنێت و هیچ شتێک نایترسێنێت و بە هیچ شتێک دانامرکێتەوە و ڕام ناکرێت، هاوکات شتێکی دەوڵەمەند و شاعیرییش لە ناوەوەی خۆیدا دەدۆزێتەوە.

لە ساڵەکانی چلدا ئەم قەدیس و شەهیدە بۆ ماوەیەکی درێژ لە سەختترین بەندیخانەکانی فەڕەنسادا بەند دەکرێت، ئاستی هۆشمەندیی خۆی و توندوتیژیی بەندیخانە و هەستێکی قووڵی پەژارە و تەنیایی، توانا و ئارەزووی نووسین لە مێشک و قەڵەمەکەیدا دەبووژێنێتەوە. لە بەندیخانەدا یەکەم وشەکانی دەنووسێت و هەر لە بەندیخانەیشدا ئازارەکانی خۆی و ئازارەکانی هاوبەندەکانی بەرجەستە دەکات. ژینییە لەم بارەیەوە دەڵێت: "لەو بڕوایەدام، کە هەر لە سەرەتای ژیانمەوە، خۆم بۆ بەدەستهێنانی هەست و هۆشێکی بەهێز ڕاهێنابێت، ئەم هەست و هۆشەیش لە نووسین زیاتر بۆ هیچ شوێنێکی تری ڕانەکێشاوم. گەر نووسینیش مانای بەدەستهێنانی هەست و سۆزێکی بەهێز بێت، بە شێوەیەک، کە وێنەکانی ژیانت بخولقێنێت... بەڵێ لە بەندیخانەی نەوجەوانان نووسین سەرنجی ڕاکێشاوم و لەو بڕوایەدا بووم، کە هەرگیز لە بەندیخانە ناچمە دەرەوە." ژینییە هەر لەسەر دزیکردن ناگیرێت، بەڵکو بۆ نموونە لەسەر تاوانەکانی بەبێ مۆڵەت چەک هەڵگرتن، تەزویر، بێلانەیی و کەوتن لەسەر شەقامەکان، شەڕ و گێرەشێوێنی... هتد. ژینییە زۆر بیری لەوە کردۆتەوە، کە ببێتە پیاوکوژ؛ هەوەسێکی بەهێزی کوشتنی خەڵکی

له لا دروست دەبێت، بەڵام لەو بیرۆکەیە دوور دەکەوێتەوە، خوێندنەوە و دواتر نووسین لەم ڕێگا و بیرکردنەوەیەی دووری دەخەنەوە. ژینییە زۆرجار کتێبی دزیوە، تەنانەت کتێبی هاوڕێکانیشی، دوای خوێندنەوەیان فرۆشتوونیەتییەوە.
ژینییە لە ئازارەکانی ژیانی خۆیەوە دەڕوانێتە ئازارەکانی ئەوانی تر و لەهەمانکاتدا دەبنە بەشێک لە ژیانی و سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ نووسینەکانیشی، زمانێکی باڵایش دەبێتە ئامڕازی بەرجەستەکردنی ئازارەکان و گەیاندنی ئەو بابەتانەی لە ڕێگای زمانەوە گوزارشتی لێ کردوون. نووسەرێکی تری فەڕەنسی (ژان کۆکتۆ) هەستی بە بەهرەی قەڵەم و ئاستی نووسینە بەرایییەکانی کردووە، لەبەر ئەوە ئامۆژگاریی ژینییە دەکات و پێی دەڵێت: "تۆ دزێکی خراپی و زوو دەگیرێت. بەڵام زۆر باش دەنووسیت."
ژینییە لە ساڵی ١٩٤٤دا یەکەم ڕۆمانی خۆی بە ناوی (دز و خۆشەویستی) لە بەندیخانە و بە زمانێکی بەرزی ئەدەبی دەنووسێت و لە سەرەتایشدا لە دەرەوەی دەزگاکانی چاپەمەنییەوە بڵاو دەکرێتەوە. ڕۆمانەکە سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست دەهێنێت، خوێنەرێکی زۆر و لایەنگیرانێکی بەهێز لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە، بۆ نموونە: ژان کۆکتۆ، ژان پۆل سارتەر و کۆمەڵێ نووسەری گەورەی تری ئەو دەمە، لە نامەیەکدا بۆ سەرۆککۆماری فەڕەنسا، داوای لێبووردنی بۆ دەکەن. ژینییە هەر چەندە سزای تاهەتایی بەسەردا درابوو، بەڵام بە پاڵپشتی چینێکی گەورەی بیرمەند و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان، لە ساڵی ١٩٤٨دا ئازاد دەکرێت. ژان کۆکتۆ دوای بەربوونی ژینییە

دەڵێت: "درەنگ یان زوو جیهان ددان بەوەدا دەنێت، کە ژان ژینییە مرۆڤێکی بەڕەوشت بووە."
ژینییە لە ڕۆمانی (دز و خۆشەویستی)دا بە زمانێکی بەرزی فەڕەنسی، بە زمانێکی قووڵی ئایینی، بە زمانێکی پڕ لە هەست و هۆش، باسی جیهانی پیاوخراپی، دزی، بەدمەستی و سروشتی سێکسەناسازیی (الشذود الجنسی) خۆی دەکات. لەم ڕۆمانەدا زۆر بە ڕاشکاوی و بەبێ هیچ پەردە و بەربەستێک، ئاماژە بۆ ژیانێکی پڕ لە زەبروزەنگ، ناپاکی، کۆمەڵگا بۆرژوازییەکان، بەندیخانە، تاوان، سزا و مەرگ دەکات. ژینییە دەتوانێت بە نووسینەکانی سەربەستیی ژیانی خۆی بکڕێتەوە، لەهەمانکاتدا بەندیخانەکانی فەڕەنسا و یاساکانی سزا و کۆمەڵگا مەدەنییەکان ڕیسوا دەکات و دەرگایەکی تر بە ڕووی ئەدەبێکی تردا، فۆرم و ستایلێکی جیاواز و هونەرێکی ناتەبایشدا، دەکاتەوە. ژینییە یەکەم نووسەرە، کە بەم شێوە بەرزە، ئەدەب و شانۆ، فەلسەفە و ئیستاتیکا، دەکاتە ئامرازێکی بەهێزی بەرگریکردن لە تاوان و تاوانباران. لە ساڵی ١٩٥١دا ئەم نووسەرە تەمەنی چل ساڵان دەبێت، کە دەزگای پەخشی گەلمیڕاد Gallimard کۆی بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە، ئەم دەزگایەیش ناوەندێکی گەورە و دیاری چاپ و بڵاوکردنەوەی فەڕەنسییە. دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی و لە ڕێگای ئەم دەزگایەوە، چیی تر کۆمەڵگا بۆرژوازییەکەی فەڕەنسا لە ژینییە، لە تاوانەکانی، لە دەستپیسییەکانی نەدەترسان، بەڵکو بەپێچەوانەوە، خانمە دەوڵەمەندەکانی ساڵۆنە ڕازاوەکان، ئاواتەخواز بوون، کە ئەو نووسەرە گەورەیە شتێکیان لێ بدزێت.

ژینییە بەم شێوەیە، هەر لەسەرەتاوە بە ڕۆمان و شیعر و چیرۆکەکانی، بەتایبەتیش بە ڕۆمانی (یاداشتەکانی دزێک) وێنەی ئەفسانەیی خۆیمان بۆ دەکێشێت، ئەم وێنەیەیش فەیلەسوفی فەرەنسی سارتەر بنەماکانی دیاری دەکات و ڕەخنەگرەکانی دوای ئەو ناتوانن لە دەرەوەی ئەم ناوزەدکردنەوە باسی ژینییە نەکەن.

## ژان ژینییە: شەهید و قەدیس

ژیانی ژینییە هەر لەسەرەتاوە، بۆ ئەدەب و شانۆی جیهانی، دەبێتە ئەفسانە و میتۆلۆژیایەکی مۆدێرن. ڕۆمانەکانی و شیعر و شانۆنامەکانی، جیهانێکی نوێ و پانتاییەکی فەلسەفی دەکەنەوە؛ بۆ نموونە ژیانی تاوانبارەکان، دز و سۆزانییەکان، بەدمەست و موعتادەکان، لە ناوەوە و لە دەرەوە بەرجەستە دەکات. چەمکەکانی تاوان و سزا و شەڕ لە فۆرمێکی ڕاستەوخۆ و لەهەمانکاتدا ناڕاستەوخۆیشدا، سمبوڵە واقیعییەکانی خۆی تێک دەشکێنێت. پێکداچوون و یەکگرتنێکی سەرسووڕهێنەر و تەلیسماویی لەنێوان بەها پیرۆزەکان و هێزی شەڕدا هەیە، شەڕ و تاوانکاریی پرسیارێکە سەبارەت بە لێبووردن، تاوانێکیش مرۆڤ ناکاتە کەسێکی شەڕانگێز و دڕندە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کەسێکی شەڕخوازە، بۆیە هەڵدەسێت بە کاری تاوانکاری. گەر ئەو کەسە تاوانیش نەکات، هەر شەڕخوازە و تاوانبارە، چونکە ئەو کەسە شەڕ و تاوان لە ناوەوەیدا و لە دەروونیدا

چەکەرەیان کردووە. هەر لەبەر ئەوەیشە، کە ژینییە باسی یەکگرتنەوەی تاوانبار و پاکیزەیی دەکات: خراپەکاری، تاوان، دزی و لەشفرۆشی دەکاتە پەیامێک بۆ دۆزینەوەی خۆی، بۆ لێکۆڵینەوەی تاوان و ڕووبەڕووبوونەوەی سزا، بۆ ڕیشاڵکردنی شانەکانی تاوان، بۆ تاوانبارکردنی کۆمەڵگا سپی و مەدەنییەکان. نووسینەکانیشی جۆرێکن لە پاکبوونەوەی دەروون و دداننان بە تاوانەکانی خۆی و تاوانبارکردنی سیستەمەکانی کۆمەڵگا. ژینییە تاوان وەک جۆرێک لە خواپەرستی، جۆرێک لە ئایین و ڕیتواڵێکی ئایینی دەبینێت، بە تاوان مرۆڤ نەک هەر ڕووت دەبێتەوە، بەڵکو لە کردەیەکی توندوتیژ یان لە ڕیتواڵێکی شەڕانگێز و پرۆسەیەکی دژ بە بنەما کولتووری و داب و نەریتە باوەکان ڕووبەڕووی خودی خۆی، لەسەر ئاستێکی تر و لە دونیایەکی تردا، دەبینێتەوە.

لە سەرەتادا بەرهەمەکانی ژینییە دەخرانە نێو خانەکانی فەلسەفەی خودگەراییەوە، بەتایبەتیش لە بەرهەمە بەراییەکانیدا. لەم بەرهەمانەدا ڕەوش و وێنەی ئەو کەسایەتییە بێزارکەرانەمان بۆ دەکێشێت، کە هەموو بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بە لاوە دەنێن، کە ئەوان کەوتوونەتە دەرەوەی یاساکانییەوە.

هەر لەم قۆناغەدا، ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە سایکۆلۆژی و فەلسەفییەکان، دەکەونە شرۆڤە و ڕاڤەکردنی ژیانی ژینییە و بەرهەمەکانی، زۆربەی ئەو ڕەخنەگرانە بەرهەمەکانی دەبەستنەوە بە ژیانی تایبەتی ژینییە خۆیەوە. بەم شێوەیەیش چەمکێکی فەلسەفی، ئەفسانەیی و شیکاریی دەروونی دەبەخشن بە ژیان و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە.

سارتەر بەرایی ئەم کاروانەیە و هەر سارتەر لە ساڵی ١٩٥٢دا کتێبێکی گەورەی شەش سەد لاپەڕەیی لەسەر ژیانی ژینییە و بەرهەمەکانی، بە ناوی (ژان ژینییە، ئەکتەر و شەهیدSaint Genet: comedien et martyr) بڵاو دەکاتەوە. سارتەر لەم کتێبەیدا باسی ژینییە، وەک قەدیسێکی شەهید دەکات، هەروەها ژینییە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی وردی فەلسەفەی ئێگزیستێنسیالیزمەوە: ژینییە لە ژیاندا زۆر بەکراوەیی و ڕاشکاویی و بە قەناعەتەوە، دژی هەموو پرنسیپەکانی مەسیحییەت بووە، کە سارتەریش بە قەدیس ناوزەدی دەکات، ڕەخنەگرەکان ئەو قەدیسییەی ژینییە دەبەستنەوە بە قەدیسی کڵێساکانی فەلسەفەی خودگەراییەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە ژینییە وەک نموونەی مرۆڤێکی خودێتیی نوێ ئاماژەی بۆ دەکرێت. هەروەها سارتەر هەوڵی دەرخستنی سنوور و بنەما شیکارییە دەروونییەکان و لێکۆڵینەوەی مارکسی دەدات و دەیبەستێتەوە بە مەسەلەکانی سەربەستی و بەرئەنجامەکانی ئەم سەربەستییە لە کێشە و ململانێکاندا، بێگومان لە دەروازەکانی مەسەلەی چارەنووسدا. سارتەر لەو بڕوایەدایە، کە ژینییە لە دەرەوەی بازنەکانی کۆمەڵگادا، لە بەرهەمەکانیدا، کارەکتەر و کەسایەتی هەڵگەڕاوە و قێزلێکەرەوەی، هەر وەک کەسایەتیی خۆی، خوڵقاندووە. سارتەر لەو بڕوایەدا بوو، کە هەموو هەوڵێکی جددی بۆ تێگەیشتن لە ژینییە، دەبێت لە بەرهەمەکانیەوە، بەتایبەتیش لە (یاداشتەکانی دزێک)ەوە دەست پێ بکات. لێکۆڵینەوەکانی سارتەر، کۆکردنەوە و پێداچوونەوەیەکی ژیانی ئەفسانەیی ئەم نووسەرەیە، جۆرێکە لە تراجیدیایەکی ئەنتی-پاڵەوان. ژینییە لە سێبەری کۆمەڵگادا

دەژی، تاوانەکانیشی لە تاریکی و سێبەر و ڕووناکی هەمان کۆمەڵگادا، گوزارشت لە چەمکەکانی تاوان، وەک پەیامێکی ڕۆحی دەکەن. ئەم فەیلەسوفە لە خوێندنەوەی ژیانی ژینییەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بلیمەتبوون دیارییەکی یەزدانی نییە، بەڵکو ڕێچکەیەکە کە مرۆڤ لە بارودۆخە بێ هیواکاندا دەیخوڵقێنێت، ئەو هەڵبژاردنەیشی کە دەیدۆزێتەوە کارەکتەر و ژیان و ماناکانی بوونی دیاری دەکات. سارتەر بەم شێوەیە پرۆسەی خوڵقاندن لە لای ژینییە دەبەستێتەوە بەو شێوازە سەربەستەی ژیانییەوە لە هەڵبژاردندا. چەمکی سەربەستی لەلای ژینییە، جۆرێکە لە چارەنووسی دژ، کە ئەو بوارەی بۆ دەڕەخسێنێت پارێزگاری لە گەوهەری خۆی وەک بوونەوەرێکی سەربەست بکات و تۆڵەی خۆی لە نزمترین ئاستەکاندا بکاتەوە. ژینییە لە هەوڵی ئەوەدا بووە، بوونی خۆی وەک دزێک دەستەبەر بکات، ئەمەیش بۆ ئەو چارەنووسێکە کۆمەڵگا لە دەرەوەی هەموو بنەماکانەوە بۆ ئەوی دیاری کردووە.

کەسایەتیی ژینییە لەگەڵ فەلسەفە خودگەراییەکەی سارتەر زۆر بەباشی یەکیان دەگرتەوە؛ ژینییە خۆی ئەو ژیانەی هەڵبژاردووە، بەڵام بە ئیرادە و ویستی خۆی نەهاتۆتە ژیانەوە، خۆی بڕیاری ئەوەی داوە دزی بکات و لەشی خۆی بفرۆشێت.

ژینییە فەلسەفەیەکی تایبەتمەندی لەناو بەها یاخیی و هەڵگەڕاوەکاندا بە دی هێناوە، لەو فەلسەفەیەدا (تاوان و شەڕ) جێگایەکی بەرزیان هەیە. شەڕ هێماگەلی جوانی و گەڕانە بە دوای ئەو بەهایانەدا، کە مرۆڤ دەتوانێت هەموو بەهاکانی تر لەنێو بنەما ڕۆشن و باشەکانی نێو ژیاندا دووپات بکاتەوە.

دزی و ناپاکی و تاوان لە لای ژینییە بە ئێستاتیکێکی تایبەتمەند، قووڵ، فرەڕەهەند، زمانێکی بەرز، شیعر، مەودایەکی فراوان و فەلسەفەیەکی گشتگر گوزارشتیان لێکراوە. لەم دیدەدا، چەندە چەمکە میتافیزیکی و دینییەکان گرینگن، هێندەیش مەسەلە ئەدەبی و ئێستاتیکییەکانی بوونیادی چیرۆک و ڕۆنانی شانۆنامە و فۆرمەکان گرینگن.

هەرچەندە ژینییە بەهاکانی شەڕ و تاوان زۆر بەرز ڕادەگرێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک مەبەستی ئەوە نەبووە، کە ڕۆ بچێتە خوارەوە بۆ سەر ئاستە نزمەکانی چەمکی شەڕ و وێنەیەکی چەوتی تاوان و خراپەکاری بەرجەستە بکات. بەڵکو ژینییە هەوڵی داوە تاوان، پیاوخراپی، لەیاسالادان و ژیانێکی بازاڕی بکاتە شتێکی قووڵ، ڕازاوە، دەوڵەمەند، ئاهەنگئامێز و شیعری. نووسینەکانی بەرپەرچدانەوەیەکی لۆژیکی و مورالّی و ئیرادەیەکی بەهێز و نوێخوازیی هونەریین. پاڵەوانە تاوانبارەکانی ژینییە لە دەروونی خۆیان ڕادەکەن بۆ دەرەوەی بازنەکانی ژیانی شەڕانگێزی و خۆیان لە شیعر و گۆرانیدا دەدۆزنەوە. هەر لەبەر ئەوەیشە، کە جوانی، شەڕ، ئاکار، مورال و بەها پیرۆزەکان پێکدا دەچن و دەبن بە یەک. ژینییە خوێنەرەکانی ناچار دەکات لە ڕەهەند و گیروگرفتەکانی تاوان و شەڕ ورد ببنەوە، لە چەمکەکانی سزا تێبگەن و لە تێڕوانینێکی قووڵتری فەلسەفی، ئایینی، سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، بایۆلۆژی و تەنانەت ئاکارییەوە لە تاوان و شەڕ بڕوانن.

ژینییە شێتی، وەک هاملێتێکی مۆدێرن، بۆ ڕەفتاری خۆی هەڵدەبژێرێت، تا لەم ڕێگەیەوە لە ئاکار و بنەما باوەکانی کۆمەڵ

لا بدات. لە دوای ئەوەی لە بەندیخانەکاندا بوو بە نووسەر، کەوتە تەقەلای هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئاکار و بنەمایانەی کۆمەڵگای ئەوروپی لەسەر ڕۆنراوە. هەر لەم قۆناغەیشدا زۆر زاراوەی جیاوازی بەکارهێنا؛ جەستە و بنەما پیرۆزەکان و وێنەی ئەو دز و شێتانەی دەکێشا، کە لە ژیانە سەختەکەی ڕۆژانە یان لەنێو بەندیخانەکاندا ڕووبەڕوویان دەبووەوە. بەندیخانە هەروەک زانکۆ کەسی تاک لە کۆمەڵ جیا دەکاتەوە، ژینییەیش جۆرە چێژێکی قووڵی لە لای دز، ناپاک، بەدمەست، سۆزانی و پیاوکوژ بینیوە.

سارتەر هەوڵ دەدات بۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی سەبارەت بە ئازادی، هەڵبژاردن و بەرپرسیارییەتی لە ڕێگای ژیانی ژینییەوە ڕوون بکاتەوە و مەودایەکی فەلسەفی و ڕۆشنبیری و فرەڕەهەندیان پێ ببەخشێت. بەکورتی، دەتوانین بڵێین کتێبەکەی سارتەر بەشێکی خوێندنەوەی ژیانی ژینییەیە، بەشێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە، بەشێکی لێکۆڵینەوەی فەلسەفییە و بەشێکیشی شیکاریی دەروونییە. ئەم بەشانەیش، سەرەتا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دواتر لە تێکەڵاوبوونێکی چەمکە جیاوازەکان و شیکردنەوەی دیدە ئەدەبی، فەلسەفی، سایکۆلۆژییەکاندا، وێنەیەکی تر و ڕەوشێکی تری ژیانی ژینییەی مرۆڤ و ژینییەی نووسەرمان پێشکەش دەکەن. کتێبەکەی سارتەر، ژینییە دەکات بە ئەفسانەیەک و ڕووبەڕووی کۆمەڵگای بورژوازیی فەڕەنسی و پرنسیپە تەقلیدییەکانی، کە کەسانێک بەرەو چارەنووسێکی تر و دژ بە دامودەزگاکانیان دەبەن، دەکاتەوە. هەروەها ئەو کتێبە ناوبانگێکی گەورەی جیهانی دەبەخشێت بە ژینییە، بەڵام

لەهەمانکاتیشدا، ژینییە تووشی ڕاچڵەکین و ڕامانێکی قووڵ و قەیرانێکی دەروونی و خودگەرایی دەکات، بە شێوەیەک هەوڵ دەدات هەموو بەرهەمەکانی بسووتێنێت و تا پێنج ساڵیش هیچ شتێکی بۆ نانووسرێت. بەڵام دواتر بە نووسینی شانۆنامەکانی، بە وزە و هێزێکی ترەوە دەگەڕێتەوە.

## ژان ژینییە و خەباتی گەلانی ژێردەستە

ژینییە هەر لە سەرەتای ژیانیەوە لەگەڵ ئازار و ژاندا گەورە بووە. لە بەندیخانەکانیشدا ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە، کە کۆمەڵگا، دەوڵەت و دامودەزگا کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان پەراوێزیان خستوون و غەدرییان لێکردوون. هەر لەبەر ئەوەیشە، کە ژینییە لە سەرەتای ژیانیەوە هەڵوێست وەردەگرێت و بەرگریی لە هەموو چینە هەژار و بێهێزەکانی کۆمەڵگا دەکات. ئەو بەرگریکردنە لە ساڵەکانی شەست و حەفتاکاندا شێوە و شێوازێکی فراوانتر لە خۆ دەگرێت، شێوازێکی نێونەتەوەیی سیاسیی و هەڵوێستێکی بەهێز و ئاشکرا.
ژینییە لەم قۆناغەدا وەک کەسایەتییەکی سیاسی و خاوەنهەڵوێست دەردەکەوێت و بەوپەڕی ئازایەتییەوە و بە هەموو شێوەیەک بەرگری و پشتگیریی لە جووڵانەوە ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەکانی دونیا دەکات. نەک هەر ئەوە بەڵکو ڕاستەوخۆ پێوەندیشی پێوە کردوون. لەناو ئەو مەسەلە هەنووکەییانەی دونیاشدا، شۆڕشی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا و مەسەلەی

فەلەستین، دوو جەمسەری زۆر گرینگی ئەو بەرگریکردنە بوون، بۆ نموونە ژینییە لە ساڵی ١٩٧٠دا و بۆ ماوەی دوو مانگ لەگەڵ بزاڤی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکادا دەژی، کە دەیشگەڕێتەوە، خێرا بەرەو ئەردەن بە ڕێ دەکەوێت و دەچێتە فەلەستین و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ فیداییە فەلەستینییەکان دەژی. هەروەها هەر دوای چەند کاتژمێرێک بەسەر کارەساتەکەی (سەبرا و شاتیلا)دا دەچێتە ئەو قەسابخانەیە و بێزاریی خۆی دەردەبڕێت و سەرلەنوێ پشتگیریی خۆی بۆ خەباتی فەلەستییەکان دووپات دەکاتەوە. هەروەها ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە هەر ڕۆژێک فەلەستینییەکان یان ڕەشپێستەکان بوون بە خاوەنی قەوارە و دەنگی خۆیان، ئەو چیی تر لایەنگیرییان ناکات.

## ڕۆمان یاخود بیۆگرافیا

ژینییە بە ڕۆماننووسین ڕەوتی ژیانی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی خۆی دەست پێ دەکات و ڕۆمان دەبێتە داڵدەی تەنیایی و گوزارشتکردن لە ژانی نێو بەندیخانەکان. بێگومان فۆرمی هونەری ڕۆمان یان نووسینی ڕۆمان ئامراز و کەرەستەیەکی گونجاو و لەبار بووە بۆ ئەو دەسپێکە سەرەتایە و بۆ ئەو دامەزراندنە پتەوە.
ژینییە شەش ڕۆمانی نووسیوە، هەر شەشیان بە شێوەیەک لە شێوەکان بیۆگرافیای ژیانی خۆیەتی. ژیانی تایبەتی خۆی ڕاستەوخۆ لە ڕۆمانەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و دەربڕی تاوانەکانی،

مەسەلەکانی سزا و هێزی شەڕە. هەروەها ژیانی سێکسیی تاوانکار، بە هەموو وردەکارییەکانیەوە، وەک وزەیەکی بەهێزی چارەنووسی کارەکتەرەکانی، هەروەک خۆی لە ژیاندا دەبات بەڕێوە. ڕۆمانی Notre-Dame des fleurs لە ساڵی ١٩٤٢دا بڵاو دەکرێتەوە، دوابەدوای ئەوە Miracle de larose لە 1946، Querelle de Brest لە ١٩٤٧. لە ساڵی ١٩٥٧یشدا سەرلەنوێ ڕۆمانی (دز و خۆشەویستیی) بڵاو دەکاتەوە. دز و خۆشەویستی، زیاتر باسی منداڵێکی بێ دایک و باوکی ناو دەزگا خێرخوازییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. لە ساڵی ١٩٤٧دا ڕۆمانی Pompes funebres بڵاو دەکاتەوە، لەم ڕۆمانەیدا باسی سێکس و پێوەندییە سێکسییە حەرامەکانی ڕەگەزی نێر لەگەڵ نێر دەکات. لە ساڵی ١٩٤٩دا ڕۆمانی Journal du voleur و لە ساڵی ١٩٥٢دا (یاداشتەکانی دزێک) بڵاو دەکاتەوە. لەم دوو ڕۆمانەیدا سەرلەنوێ و زۆر بەوردی و بەبێ پەردە و هیچ بەربەستێک، لەسەر پێوەندییە سێکسییەکانی نێوان ڕەگەزی نێر دەنووسێت. لە ساڵی ١٩٨٢یشدا یەکێک لە ڕۆمانەکانی دەبێتە فیلمێکی سینەمایی، فیلمەکە لەسەر ئاستێکی گەورە بڵاو دەکرێتەوە و چەندین پاداشتی گرینگیش بە دەست دەهێنێت. لە ساڵی ١٩٨٦دا و دوای مانگێک بەسەر کۆچی دوایی ژینییەدا، دوا ڕۆمانیشی Uncaptif amoreux (بەندێکی عاشق) بڵاو دەکرێتەوە. ئەم ڕۆمانەیش باسی مەسەلەی فەلەستین و ژیانی پەنابەرە فەلەستینییەکان دەکات.

بەڵام ژینییە لەڕێی شانۆنامەکانیەوە بوو، نەک ڕۆمانەکانی، کە نێوبانگە نێونەتەوەییە گەورەکەی خۆی بە دەست هێنا.

## مەرگ و دوا وێستگەکانی ژیان

مەرگی ژینییە، مەرگی مرۆڤێکی گەورە، ماندوو، تووڕە و یاخییە. مەرگ وەک ژیان هاوکێشەی مەرگەساتی یان تراجیدیای دوا چرکەساتەکانی ئەم نووسەرەیە. ئەم مرۆڤە ئازادە، لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا و لە چاوپێکەوتنێکی خێرادا دەڵێت: "من چاوەڕوانی مەرگ دەکەم." ئەم نووسەرە مەزنە لە دوا چرکەساتەکانی تەمەنیدا زۆر نەخۆش و بێهێز بووە، ئازارە قووڵەکانی جەستەی، ڕۆژی داوەتە دەست شەو، شەویش بە بێداری بە دیار جەستەیەکی بێهێزەوە، چاوی بڕیوەتە تاریکییەکی بێسنووری ئەنگوستەچاو. لەگەڵ ئەوەیشدا ژینییە شەو و ڕۆژ لە دوا بەرهەمەکانیدا کاری کردووە، لە مەرگ پاڕاوەتەوە بواری بدات تا دوا دەستنووسەکانی تەواو بکات. ژینییە دەیزانی ڕۆژەکانی تەمەنی دیاریکراون، دەیزانی مەرگ هاوڕێییەکی نزیکە و ئەوەندەی نەماوە پێکەوە سەفەری تا هەتایی بکەن. لەبەر ئەوە بیری دەکردەوە بفڕێت و جەستە و گیانی لە شوێنێکی تر و لە زەمەنێکی تردا بشارێتەوە، دەرەوەی سنوورەکانی ئەورووپا و خاکی فەڕەنسایش تاکە ئەڵتەرناتیڤی ئەو بڕیارە سەخت و گرینگە بووە. ژینییە نەیدەویست لاشەکەی لە وڵاتێکدا بنێژرێت، کە ئەو لە هەموو ژیانیدا دژی یاسا و بنەما کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکانی وەستاوە و بەرهەڵستی کردوون. ژینییە هەرگیز هەستی بەوە نەکردووە، کە خەڵکی فەڕەنسایە و هیچ پەیوەندییەکی، ناسنامەیەکی بەم وڵاتەوە نەبووە و لە ناخی دڵیەوە ڕقی لە وڵاتی فەڕەنسا بووە و قێزی لێکردۆتەوە.

ئەم مرۆڤە سەربەستە لە پانزەی مانگی چواری ساڵی ١٩٨٦دا و لە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵیدا، تەنها یەک ڕۆژ دوای کۆچی دوایی (سیمۆن دو بوڤوار) بە نەخۆشیی شێرپەنجەی قورگ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت. ژینییە لەسەر داواکاریی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی فەڕەنسا و لە وڵاتی مەغریب بە خاک سپێردراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی موسوڵمان نەبووە، لاشەکەی دەبێتە گرفتێکی گەورە بۆ دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە، لە بەرەنجامدا لە گۆڕستانێکی کۆنی ئیسپانیدا لە مەغریب دەنێژرێت. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە، کە گۆڕەکەی ژینییە لەو گۆڕستانە کۆنەدا، بەڕێکەوت کەوتۆتە بەرامبەر بەندیخانەیەکی کۆنی ئیسپانی و بەم شێوەیەیش گۆڕەکەی دەبێتە هاوسێیەکی هەمیشەیی بەندیخانە. ژینییە ئەو مرۆڤەی تەمەنێکی زۆری ژیانی لە بەندیخانەکانی فەڕەنسادا بردە سەر، گۆڕەکەیشی دەبێتە ناونیشان و دەروازەی بەندیخانەیەکی کۆنی داگیرکەرە ئەوروپییەکان، چارەنووس وا دەخوازێت، کە دوا زەنگەکانی بەندیخانەیەکی تا هەتایی بۆ ژینییە لە دەرەوەی وڵاتی فەڕەنسایشەوە بە بەردەوامی لێ بدات.

## گوتار و هەڵوێستێکی تری توندوتیژیی ژینییە

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، ژیانی ژینییە ڕێچکەیەکی تر لە خۆ دەگرێت، لەم قۆناغەدا دەزگا گەورەکانی فەڕەنسا بەرهەمەکانی بڵاو دەکەنەوە، ناوبانگێکی گەورەی نێونەتەوەیی

به دەست دەهێنێت و دەیشبێتە کەسایەتییەکی ناوداری کولتوور و چیی تر فەڕەنسییەکان وەک دز و تاوانبار و بەدمەست، تەماشای ناکەن. ژینییە هەر لەم قۆناغەدا و زیاتر لە ساڵی ١٩٥٧ەوە بە بەردەوامی کۆمەڵێک گوتاری ئەدەبی و ئێستێتیکی و ڕامیاری دەنووسێت. لەم گوتارانەدا و بە شێواز و فۆرمێکی تر دەگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتانەی، کە کۆمەڵگا بە چاوی گومان و دوودڵی و هەڕەشەوە ئاماژەی بۆ دەکرد. بۆ نموونە، ژینییە، لەم گوتارانەدا و لە ئاستێکی قووڵ و بەرزدا پێناسەی شەڕ و تاوان و توندوتیژی دەکات، بەرگری لە جووڵانەوەی چەپڕەوەکانی ئەوروپا دەکات و پاساو بۆ گورزەکانیان، بەتایبەتی تیرۆریستە ئەڵمانییەکان، دەهێنێتەوە.

گوتارەکانی ژینییە و لەم قۆناغەدا زۆر بەئاسانی دابەش دەکرێن بەسەر دوو خانەی جیاوازدا: یەکەمیان ئەو گوتارانەن، کە هاوتەریب لەگەڵ شانۆنامەکانیدا نووسیونی، ناوەڕۆکی ئەم باسانە زیاتر پرسە هونەری و ئێستێتیکییەکان دەگرێتەوە و زۆربەی ئەم باسانە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٦٧دا بڵاو کراونەتەوە. ژینییە لەم گوتارانەیدا لە بنەمایەکی فەلسەفەی خودگەراییەوە دەڕوانێتە مرۆڤ، تەنهایی و مەسەلەکانی یەکسانی. ئەم گوتارانە نەفەسێکی قووڵی شیعریی لە خۆیان دەگرن و لەهەمانکاتدا لە ژیانی هونەری و بەرهەمەکانی ڕابردووی خۆی ڕادەمێنێت.

دووەمیان دوا گوتارە سیاسییەکانی، دیدار و بابەتە جۆراوجۆرەکانی تری ژینییە لە خۆ دەگرێت. ئەم بەشەی گوتارەکانی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨ و ١٩٨٢دا بڵاو کراونەتەوە و ژینییە لەم قۆناغەی ژیانیدا هیچ شانۆنامەیەکی نەنووسیوە.

## شانۆ و سەرەتایەکی بەهێز

شانۆنامەکانی ژینییە زەمینە و بنەمایەکی بەهێزی ئەزموونگەری، درامایەکی گرۆتێسک و توندوتیژ لە خۆیان دەگرن و ڕووداوەکانی بە چەشنی شانۆیەکی ئەپسوردیزم و مۆدێرن، ژینگە و کەشێکی ڕیتواڵئامێزی ئەفسوونی پێک دەهێنن. زمانەکەی هەروەک زمانی ڕۆمانەکانی تێکەڵێکی سەیرە لە زمانێکی بازاڕی، میللی، لیریکی، شیعرێکی بەرز و وێنەیی. بەرامبەر بەم زمانە تێکەڵاوە، ڕووداوەکان، ئەتمۆسفێر و ستراکتورێکی توندوتیژ، لەهەمانکاتدا نەرم و نیان لە خۆیان دەگرن. ژینییە تەنها پێنج شانۆنامەی نووسیون: چاودێرییەکی توندوتیژ ١٩٤٢، کارەکەرەکان ١٩٥٤، بانیژە ١٩٥٦، ڕەشپێستەکان ١٩٦٠ و دوا شانۆنامەیشی؛ پەردەکان، کە لە ساڵی ١٩٦١دا نووسیویەتی. هیچ کام لە شانۆنامەکانی ژینییە لەسەر شانۆ سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر هات و لە قاڵبێکی واقیعییانە و تەقلیدیدا نەمایش بکرێت؛ شانۆی ناو شانۆ، گەمەی شانۆ، گەمەی نێوان گەمە و ڕیتواڵێکی تەلیسماویی بنەما و پێودانگی شانۆنامەکانی پێک دەهێنن. کارەکتەرەکان کەسایەتی و ڕۆڵ و فیگوری ئاسایی، بە مانا تەقلیدییەکەی شانۆ نین، بەڵکو ڕۆڵی کەسایەتییەکان دەگێڕن، بە بەرچاوی بینەرانەوە و لە گەمەیەکی ئاهەنگئامێزییدا دەچنە ڕۆڵەکانیانەوە، دێنە دەرەوە و ئاهەنگی شانۆ دەگێڕن. ئەم پرۆسەیەیش چەمکێکی گرینگ و تەکنیکێکی باڵای ئەم شانۆیەیە و هەندێک جار لە برێخت و هەندێک جاریش لە ئارتۆ نزیک دەبێتەوە. ژینییە بە شانۆنامەکانی ڕۆحێکی نوێ و فۆرمێکی

جیاواز و زمانێکی مەجازی تری بەخشی بە هونەری شانۆ. شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە، لە دەرەوەی سنوورەکانی شانۆی ئەبسوردی ئەوروپیدا گەشە دەکەن، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان تووخمەکانی شانۆی ئەبسورد لە خۆیان دەگرن و سیکۆلۆژیایەکی ڕاستەقینە لە جەستەیەکی ئەبسورد و فۆرمێکی بەرزی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبێت.

## چاودێرییەکی توندوتیژ

(چاودێرییەکی توندوتیژ) باسی چوار بەندیی یەکێک لە بەندیخانەکانی فەڕەنسا دەکات و ژینییە خۆی دوای هەشت مانگ بەندیکردن، لەسەر دزینی کتێب، نووسیویەتی. ئەم تاوانبارانە، کە یەکێکیان لەسەر شانۆ نابینرێت، بەڵام بوونێکی بەهێزی هەیە و لە زۆر ڕووەوە ڕەوتی ڕووداوەکان دیاری دەکات. ئەم کارەکتەرە خاوەنی مەزنییەکی نهێنیئامێزە، کە هەموو کەسێک، جگە لەو کەسە کەمانەی لە شەڕێکی ڕەهادا دروست بوون، نایگەنێ؛ ئەم شەڕە ڕەهایە چارەنووسێک لە دەرەوەی تواناکانی مرۆڤەوە بەسەر هەندێک کەسدا دەیسەپێنێت. سێ کارەکتەرەکەی تر، بەبەردەوامی باسی ئەو دەکەن، سڵی لێی دەکەنەوە، لێی دەترسن و هەر وەک خوا دەیپەرستن. ئەم کارەکتەرانە بریتین لە: تاوانبارە گەورەکە، کە بە لەسێدارەدان حوکم دراوە و بە (چاوسەوز) ئاماژەی بۆ دەکرێت، دزێکی ڕۆشنبیر، کە حەز بە تێکەڵاوبوونی پیاوکوژ و تاوانبارەکان دەکات و بە ستایشی

ئەوان خۆشگوزەران و بەختیار دەبێت، هەروەها تاوانبارێکی تازە دەست پێکردوویش. ئەم بەندانە بۆ ئەوەی کات ببنە سەر، گەمەی دەسەڵات، گەمەی پیاوکوشتن و گەمەی یەکترهەڵخەڵەتاندن دەکەن و ئازاری یەکتری دەدەن و لە هەوڵێکی بێوچاندان تا ڕێزی پیاوکوژە گەورەکە بە دەست بهێنن و ددانیان پیابنێت. ژووری بەندیخانەکە، لە کەشێکی پڕ لە پشێویدا، کە لە تێکڕای جووڵە و ئاماژە و دیالۆگی کارەکتەرەکاندا بەرجەستە دەبێت و بە مەرگی یەکێک لە کارەکتەرە بەندکراوەکان کۆتایی دێت. خودی شانۆنامەکە، وەک ڕیتواڵێکی نێو خەونەکان نووسراوە، واقیع لەسەر ئاستێکی جیاواز تێکەڵاوی خەون و ڕیتواڵێکی توندوتیژ دەکات. دەقە شانۆییەکە نزیکە لە ئەتمۆسفێر و ستراکتور و ژینگەی شانۆنامەی (دەرگا داخراوەکان)ی سارتەرەوە.
لەسەرەتادا خودی شانۆنامەکە، لە سێ بەش پێکهاتووە، بەڵام لە کۆتایدا دوای چەندین پێداچوونەوە و نەمایشکردن و چاپکردن، هێندە چڕ دەبێتەوە، دەبێت بە شانۆنامەیەکی تەنها یەک پەردەیی. تەنانەت ژینییە لە ساڵی ١٩٨٥دا لە مەغریب، بە مەبەستی سەرلەنوێ نەمایشکردنەوەی دەستکاری کردۆتەوە. بەڵام نووسەر خۆی لە ساڵی ١٩٤٩دا ئەم شانۆنامەیەی بۆ یەکێک لە شانۆکانی فەڕەنسا پێشکەش کردووە.

## کارەکەرەکان

ژینییە دوای (چاودێرییەکی توندوتیژ) شانۆنامەی (کارەکەرەکان) دەنووسێت، لەم شانۆنامەیەیدا پەردە لە ڕووی بۆرژوازییەت و ڕیتواڵی گەمەیەکی دڵتەزێنی دەسەڵات هەڵدەماڵێت، مرۆڤ و دەسەڵات لە ڕوانگەی گەمەیەکی سادیی و ماسۆشییەوە کۆ دەکاتەوە و بە ڕووتی ڕووبەڕووی خودی خۆمانمان دەکاتەوە. سروشتی ململانێ و کێشەی کارەکتەرەکان، چەندە ململانێیەکی چینایەتییە، هێندەیش ئەنتۆلۆژی و میتافیزیکییە؛ ململانێیەکە لە نێوان ژیان و مەرگدایە و چەندین ڕەهەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە. دواتر زیاتر دەگەڕێینەوە سەر شانۆنامەی (کارەکەرەکان) و وەک نموونە باسی دەکەین.

## بانیژە

بەڵام لە شانۆنامەی (بانیژە)دا شوێن و تەکنیکێکی تر و جیاواز بە کار دەهێنێت، بۆ نموونە لە کۆمەڵە دیمەنێکدا باسی تیاترۆخانەیەک دەکات، کە خەیاڵ و ئەندێشەیەکی بەهێز و لە کەشێکی ڕیتواڵی و خەونئامێزدا دەسووڕێنەوە. خاتوو (ئیرما) کارەکتەری سەرەکیی شانۆنامەکە، بینەران دەدوێنێ و دەیانکاتە میوانی تیاترۆخانەکەی. ئەو ژوورەی، کە ڕووداوەکانی تێدا پێشکەش دەکرێت، لە بەرئەنجامدا لە خەیاڵێکی ئاڵۆز بەولاوە هیچ شتێکی تر نییە و کارەکتەرەکان بەهۆی فانتاسیایەکی

ئاڕاستەکراوەوە گەمەی دەسەڵات دەکەن. ئەو دەسەڵاتەی، کە لە بەرئەنجامی شۆڕشەکاندا بەتەواوی لە دەستیان داوە.
ژینییە لەم شانۆنامەیەدا گەمەیەکی هونەری بە تواناکانی بەکارهێنانی سینۆگرافیا و تەکنیکی شانۆیی دەکات؛ سینۆگرافیا دەبێتە بەشێک لە گوزارشتکردن لە مەوداکانی وەهمی ڕاستی و تێکەڵاوی گەمەی خۆگۆڕین و بەکارهێنانی دەمامک دەبێت. ژینییە، لەم شانۆنامەیەدا پارسەنگی وێنە توندوتیژەکان و مەسەلە سێکسییەکان، لە ڕیتواڵێکی هونەریدا دەکات و لەسەر چەندین ئاست تێکەڵاوی دەکات. هەر لەم ڕیتواڵەدا مامەڵە لەگەڵ دامودەزگا تەقلیدییەکانی دەوڵەت و بەها بۆرژوازییەکانی ڕۆژئاوا، هەر بۆ نموونە: سوپا، دادوەری، کلێسا، دەسەڵاتی پادشایەتی و هێزی دارایی دەکاتە کۆمەڵێک ڕوواڵەتی ناشیرین و بنەمای دەستکرد و گەمەیەکی قێزەوەری سێکسیی تیاترۆخانەکەی خاتوو (ئیرما). بۆ یەکەمجار شانۆنامەی بانیژە لە ساڵی ١٩٥٧دا لە لەندەن و لە ڕیژیی (پیتەر بروک) نمایش دەکرێت؛ ژینییە ناڕەزاییەکی توند سەبارەت بە شێوازی ڕیژی و دیدی هونەریی بروک دەردەبڕێت و دەیەوێت کارەکە تێک بدات. بۆ ئەو مەبەستە گێرەشێوێنییەکی زۆر لەگەڵ دوا پرۆڤەکانی نمایشەکە و بە ڕۆژێک بەر لە پێشکەشکردنی شانۆییەکە دەنێتەوە، بۆ ڕۆژی دوایش، کە یەکەم ڕۆژی نەمایشی شانۆنامەکە دەبێت، پۆلیس ڕێگا لە ژینییە دەگرن و نایەڵن لە خانووبەرەی شانۆکەوە نزیک بێتەوە. بەڵام دواتر بروک لە ساڵی ١٩٦٠دا سەرلەنوێ لە پاریس نەمایشی دەکاتەوە، بێگومان نەمایشەکەی بروک سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست دەهێنێت و ژینییەیش وەک شانۆنامەنووسێکی

گەورە ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام ژینییە هەر بە چاوی گومانەوە لە بروک و کارەکەی دەڕوانێت. هەرچەندە ڕەخنەگرەکان نەمایشەکەی بروک زۆر بەرز ڕادەگرن و وەک پرۆژەیەکی سەرکەوتووی ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانی ئاماژەی بۆ دەکەن، بەڵام ژینییە بەوپەڕی بێزارییەوە بروک بەوە تاوانبار دەکات، کە لە شانۆنامەکەی حاڵی نەبووە و لە زۆر ڕووەوە بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەوە کاری کردووە!

## ڕەشپێستەکان

بەڵام شانۆنامەی (ڕەشپێستەکان) وەک ئاهەنگێکی شانۆیی، لە هەموو بەرهەمەکانی تری ژینییە سەرکەوتووترە و زۆربەی ڕەخنەگرە شانۆییەکان بە ترۆپکی داهێنانی ئەم نووسەرە ئاماژەی بۆ دەکەن. شانۆنامەی (ڕەشپێستەکان) بە تەکنیکێکی شانۆیی پڕ لە جووڵە و گۆڕانکاری، باسی گەمەی ڕەشپێست و سپیپێستەکان و دادگایەک دەکات؛ لەم گەمەیەدا ئافرەتێکی سپیپێست بە دەستی گرووپێک ئەکتەری ڕەشپێست کوژراوە. ئەم تاوانەیش بەرجەستەی ئەو خەونە پڕ لە قین و ڕقە ئەستوورەی ڕەشپێستەکان دەکات، کە بووە بە بارێکی گران بەسەر شانیانەوە و تۆڵەسەندنەوە لە ئاغا سپییەکانیان بۆتە هیوایەکی چاوەڕوانکراو. بینەران دارەمەیتێکی پڕ لە شکۆی قوربانییە سپیپێستەکە دەبینن، بێگومان دارەمەیتەکە تەنها ئاماژەیەکە بۆ تاوانەکە و ڕۆڵێکی ڕیتواڵی دەگێڕێت، نەک تاوانێکی ڕاستەقینە،

که ئەندامەکانی ئەو گرووپە کردبێتیان.
لە کۆتایشدا، هەر وەک دەنگدانەوەیەکی دوور، زەنگی شۆڕشی ڕەشپێستەکان لێ دەدات، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دێت. ژینییە لەم شانۆنامەیەدا بڕوایەکی پتەوی بە هۆشمەندیی سیاسیی ڕەشپێستەکان و ڕەوایی مەسەلەکەیان هەیە و بە لای ئەوەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دەستی زوڵمی سپیپێستەکان ڕزگاریان دەبێت. خودی گەمەکەیش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەکتەری ڕەشپێست لەسەر شانۆ نەمایش بۆ کۆمەڵێک بینەری ڕەشپێستی تر دەکەن، ئەمەیش وەکو گەمەیەکی شانۆی ناو شانۆ، بەڵام بینەرە ڕەشپێستەکان بە دەمامکی سپییەوە دادەنیشن. بینەران لەم گەمەیەدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و دەبنە ئەکتەر، بەتایبەتیش، کە دەبنە شاهیدی کوشتنی ئافرەتە سپییەکە، کە بە شێوازێکی ریتواڵی بە دەستی پیاوێکی ڕەش یان گرووپە ڕەشەکان دەکوژرێت. ڕەشپێستەکان دەیانەوێت بەهۆی ئەم نەمایشەوە بینەرە سپیپێستە ڕاستەقینەکان، لە ڕاستی و دروستی ئەو شۆڕشە ڕاستییەی، کە لە دەرەوەی شانۆکەدا ڕوو دەدات، چەواشە بکەن.
ژینییە گەرەکیەتی لێرەدا و لە ڕێگای ڕیتواڵ و ئاهەنگێکی شانۆییەوە ئەوە پیشان بدات، کە بینەری ڕاستەقینە دەبێتە تەماشاکەر و ئەکتەرەکانیش ئەوەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە: ئەو سپیپێستانەی ئەوان دەیانبینن تەنها نموونەیەکی ئەو سپیپێستانەن، کە ڕەشەکان دەیانبینن. ئەو ڕەشپێستانەیشی، کە ئەوان دەیانبینن لە نموونەیەکی ئەو ڕەشپێستانە زیاتر نین، کە سپیپێستەکان دەیانبینن. مەسەلەکە لە لای ژینییە تەنها هەر

ڕزگارکردنی ڕەشپێستەکان و گەیشتنییان بە دەسەڵات نییە، بەڵکو پەیوەستە بەو نامۆبوونە دەروونی و خودگەرایییەیشەوە، کە ڕەشپێستەکان هەستی پێ دەکەن، بەو بزربوونەی کە لە دونیای پڕ لە ڕوواڵەتی سپیپێستەکاندا چەقیان بەستووە و بوون بە کۆیلە.
ژینییە ئەوەی دووپات کردۆتەوە، کە شانۆنامەی (ڕەشپێستەکان) دەبێت بۆ بینەرانی سپیپێست نەمایش بکرێت، لە حاڵەتێکدا گەر بینەران خەڵکی ڕەشپێست بوون، ئەوە دەبێت لە کاتی هاتنە ژوورەوەیاندا دەمامکی سپییان بەسەردا دابەش بکرێت.
ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٠دا و لە ڕیژیی ڕیژیسۆری فەرەنسی (ڕۆجیە بلان) لە پاریس پێشکەش دەکرێت، هەروەها لە ساڵی ١٩٦١یشدا و بە زمانی ئینگلیزی لەسەر شانۆی (ڕۆیاڵ کۆرت) لە لەندەن پێشکەش دەکرێت.

## پەردەکان

شانۆنامەی (پەردەکان)یش تەقەلایەکی زۆر گەورەی شانۆیی ژینییەیە. ئەم شانۆنامەیە، بە حەفتا و سێ دیمەن و سینۆگرافیایەکی گران و چڕ و بەربڵاوی دیمەنەکان و ژینگەیەکی ڕیتواڵی، باسی داگیرکردنی وڵاتی جەزائیر لەلایەن فەرەنساوە دەکات. بەکورتی دەتوانین بڵێین، کە (پەردەکان) چارەسەرێکی درامییانە و خستنەڕوویەکی ڕاستەوخۆی درامیی ژیانی پڕ لە ئازاری خەڵکی

جەزائیرە، لەژێر دەسەڵاتی سوپا و هێزی داگیرکەری فەڕەنسیدا. لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی شانۆنامەکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەی داگیرکردنی جەزائیرەوە، بۆیە، ڕەخنەگرەکان تەنها وەک ڕەخنەیەکی کاریکاتۆری دژ بە هەموو شێواز و فۆرمەکانی ئیستعمار بەگشتی و ئیستعماری فەڕەنسی لە جەزائیر بەتایبەتی، ئاماژەیان بۆ کردووە.
ناونیشانی شانۆنامەکەیش (پەردەکان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لە چەند دیمەنێکی یەکجار زۆر پێکهاتووە. هەندێک جار ئەکتەرەکان لەبەر چاوی بینەران دیمەنەکان ئامادە دەکەن، پانتایی شانۆکە بەسەر چەند ئاستێکی جیاوازدا دابەش دەکەن و بەبێ دەنگ دەجوولێنەوە. ژینییە زۆر بەوردی ڕۆڵی کارەکتەر و کەسایەتییەکانی هەڵبژاردوون و هەر ئەکتەرێکیش لەبریی ڕۆڵێک چەندین ڕۆڵی جیاواز دەبینێت. بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕۆڵانەیش، دەمامک و ئارایشتێکی زۆر چڕ و تۆخ بە کار دەهێنن. گرووپی ئەکتەرەکان یان کارەکتەرەکانیشی دابەش کردووە بەسەر دوو بەشەوە: یەکێکیان سەر بە چینێکی هەژار و میللیی جەزائیرن و لە خێزانی سعید و لەیلادا خۆیان دەبیننەوە. گرووپەکەی تریشیان تیپێکی بێگانەی فەڕەنسییە. هەروەها ئەکتەرەکان لەبریی مۆسیقا، هەموو جۆرە دەنگەکان، دەنگی ئاژەڵ، تەقینەوە، برووسکە و باوبۆران، وەکو کاریگەرییەکانی شانۆیی، بە کار دەهێنن. شانۆنامەکە نزیکەی سەد کارەکتەر لە خۆ دەگرێت، ئەمەیش یەکێکە لەو شانۆنامانەی، کە لە مێژووی شانۆی جیهانیدا هێندە کارەکتەر و کەسایەتیی زۆر لە خۆ بگرێت، کە هەر هەموویان سیما و سیفاتی تایبەتمەند و پێگەی خۆیان لە

ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەبێت.
لەبەر ئەوەی ئەم شانۆنامەیە هێرشێکی توندوتیژی دەسەڵاتی سەربازی و کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسایە، بە هیچ شێوەیەک ڕێگای پێ نادرێت لە پاریس یان شارەکانی تری فەڕەنسا نەمایش بکرێت. دەقەکەیش قەدەغە دەکرێت و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧١دا بڵاو دەکرێتەوە.
شانۆنامەی (پەردەکان) لە سەرەتادا و لە ساڵی ١٩٦١ لە بەرلینی خۆرئاوا نەمایش دەکرێت، لە ساڵی ١٩٦٦یشدا، بۆ یەکەمجار لە فەڕەنسا نەمایش دەکرێت، بەڵام لە فەڕەنسا هەرایەکی گەورە دەنێتەوە، خۆپیشاندان دژی نەمایشەکە ساز دەکرێت و تەنانەت پەرلەمان قسەی لەسەر دەکات و ئەمانەیش دەبنە هۆی قەدەغەکردنی نەمایشەکە و دەست بەسەراگرتنی دەقەکەیش.

## دیدی ڕەخنەگر و خوێندنەوەی شانۆنامەکانی ژینییە

ڕەخنەگرەکانی ئەوروپا، لە واقیعی ژیانی ژینییە خۆیەوە دەیانڕوانییە دەقەکانی و باسی ئەوەیان دەکرد، کە شانۆنامەکانی ڕەنگدانەوەیەکی سلبی ئەو ژیانەی خۆیەتی: کە بەرگری لە ڕەشپێستەکان، کارەکەر، سۆزانی و چەوساوەکانی جەزائیر دەکات، ئەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرگریکردنە لە خۆی، وەک دز و بەندکراو و کەسێکی لادەر و سەر بە چینێکی نزمی کۆمەڵ!
بەڵام دوای کتێبەکەی سارتەر، ڕەخنەگرەکانیش بە جۆرێکی

تر شانۆنامەکانی دەخوێننەوە و بنەما سەرەتاییەکان، شانۆی خەیاڵی سێبەر، شانۆی توندوتیژ و ڕیتواڵە هونەرییەکان دەبەستنەوە بە ڕێچکەی بەرەوپێشەوەچوونی هێڵی دراما و ستراکتوری شانۆنامەکانییەوە.
سارتەر نەک هەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی، بەڵکو بە چاوێکی پڕ لە بایەخەوە دەیڕوانییە شانۆنامەکانی و ژینییە بۆ ئەو لە ئاستی برێشتدا بووە و لە دوای برێشتەوە، ژینییە پەیامی زەمەنە نەسرەوت و پشێوەکەی ئێمەی هەڵگرتووە.
شانۆی ژینییە لە ڕووی ئایدۆلۆژیشەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرگری لە مەسەلەیەکی تایبەت و دیاریکراو یان فەلسەفە و بیرۆکەیەک ناکات، بەڵکو لە پانتاییەکی فراواندا پەلوپۆ دەهاوێت و چەندین ڕەهەند و مەودای جودا لە خۆ دەگرێت. لە کارەکەرەکاندا، لە ڕەشپێست و بانیژەدا... هتد تەنها سێبەر و هیماگەلەکانی ئەم مەسەلانە وەردەگرێت و لەنێو جەمسەرە دژبەیەک و هاوکێشەی بیرۆکە جیاوازەکاندا مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و بوارێکی گەورەیش بۆ کاردانەوە و بەشدارییپێکردنی بینەران دەهێڵێتەوە. هەر لەبەر ئەوە دەبێت پەیوەندییەکانی نێوان ژینییەی مرۆڤ و ئەدەب و شانۆکەی لەسەر بنەماکانی خوێندنەوەیەکی بوونگەرایی، فەلسەفی و سایکۆلۆژی، نەک خوێندنەوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕووواڵەتی بە ڕێچکەی ژیانیەوە بێت.

# ئارتۆ و ژان ژینییه

ئەنتۆنین ئارتۆ ١٨٩٧-١٩٤٨ بە شانۆی توندوتیژ، دەروازەیەکی نوێ بە ڕووی شانۆی ئەوروپیدا دەکاتەوە، دید و بۆچوونەکانی کاریگەرییەکی قووڵی لە جەستەی شانۆ سایکۆلۆژیی و باوەکانی ڕۆژئاوادا جێهێشتووە. هەرچەندە ئارتۆ خۆی نەیتوانیوە بۆچوونەکانی خۆی لە بواری شانۆ و پراکتیکدا بەرجەستە بکات، بەڵام ئەو بۆچوونانە بوونە سەرچاوەیەکی گەورەی ڕەنگدانەوە و سوودلێوەرگرتن و نوێبوونەوەی شانۆ؛ شانۆ وەک دەق و شانۆ وەک تەکنیک و شانۆ وەک دیدی ڕێژی. شانۆی ئەوروپی بەتایبەتی لە شەستەکاندا، لەژێر کاریگەرییەکانی ئارتۆدا سەرلەنوێ بنیات دەنرێتەوە و پێ دەنێتە قۆناخێکی تری ئەڤانگارد و ئەزموونگەرییەوە. لەسەر ئاستێکی گەورە و بەربڵاویش هەموو گرووپە شانۆییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی تیۆرە شانۆییەکانی ئارتۆ لە لایەک و برتۆڵد برێشت لە لایەکی ترەوە.

لە شەستەکاندا بروک لابورێکی یەک ساڵی دەکاتەوە بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی تیۆرە توندوتیژەکەی ئارتۆ، بروک لە کتێبەکەیشیدا (پانتایی بۆش) ڕووبەرێکی فراوان بۆ ئارتۆ تەرخان دەکات و زۆر بەوردی باسی بەها و گرینگیی میتۆدەکانی دەکات. جگە لە بروک، گرۆتۆفسکی و ئۆژین باربا و زۆربەی ڕێژیسۆرە گەورەکانی تری شانۆی هاوچەرخی جیهانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سوودیان لە ئارتۆ وەرگرتووە.

زۆر لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە شانۆییەکانیش ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە ژینییە کوڕێکی شەرعی و بەردەوامییەکی بەهێزی ئارتۆ و شانۆی توندوتیژە، دەقەکانیشی بەرجەستەیەکی ئەو چەمکە توندوتیژەی شانۆن. بۆ نموونە بۆچوونەکانی ئارتۆ سەبارەت بە گونجاندن و بەرجەستەکردنی خەون لەسەر شانۆ بە شێوە ڕاستەوخۆ و بەهێزەکەی، وەک وێنەیەکی ژیان، لە شانۆنامەکانی ژینییەدا خۆیان دەبیننەوە. ژینییە هەر وەک ئارتۆ، جیهانی ڕاستی دەبەستێتەوە بە جیهانی خەیاڵ و ئەندێشەوە، لەهەمانکاتدا واقیع دەشارێتەوە و سەرلەنوێ لە بەرگێکی تردا، لە خەونەکانماندا، دەیدۆزێتەوە. ژینییە شانۆیەکی سیمیائی، سەرەتایی و قووتاربوو دەخوڵقێنێت و زۆربەی دید و بۆچوونەکانی ئارتۆ لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە، هاوکات شانۆیەکی تایبەت بە خۆی دەخوڵقێنێت و شانۆیەکی ڕۆژهەڵاتی، میتافیزیکی، وەک هاوکێشەیەکی هاوچەرخی ناو نهێنیی ئایینە کۆنەکان دەستەبەر دەکات. شانۆی ژینییە پرۆژەیەکە لە دەرەوەی داب و نەریتە پتەوە سایکۆلۆژییەکەی شانۆی ئەوروپییەوە کار دەکات و لەبریی ئەوە، لە جیهانی ناوەوە سەرچاوەکانی دەدۆزێتەوە، لە خەون و ئەفسانە پێکهاتووە و زمانیش هەروەک خەون و ڕیتواڵەکان ئامرازێکی تەلیسماوییە بۆ گوزارشتکردن لەو دونیایە. شانۆنامەکانی ژینییە زەمینەیەکی لەباری پراکتیزەکردنی خەونەکانی ئارتۆیە: شێوازی خەونە سەربەستەکان دەبەخشێتە شانۆنامەکانی و بنەمایەکی ئاشکرای ڕیتواڵییان پێ دەبەخشێت و لە ئەتمۆسفێر و ژینگەیەکی ڕیتواڵیدا بەرجەستەیان دەکات. ژینییە دەیەوێت بە بەرزڕاگرتنی تاوان، دڕندەیی و شەهوانییەت،

هەموو هەستە توندوتیژەکانی دەروونی خۆی و بینەرانیش پاک بکاتەوە.
هەرچەندە ژینییە زۆر نزیکە لە ئارتۆوە، بەڵام هەندێک لە ڕەخنەگرە شانۆیی و لێکۆڵەرەوەکانی بواری زانستی شانۆ، ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە ژینییە زیاتر نزیکە لە بیراندیللۆی ئیتالییەوە وەک لە ئارتۆی فەڕەنسی، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی، کە ژینییە فۆرم و شێوازێکی گەمەئامێزی شانۆیی بە کار دەهێنێت، کە زیاتر نزیکە لە چەمکەکانی شانۆی بیراندیللۆوە. بێگومان ئەم بۆچوونانەیش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر شانۆکارە گەورەکانی جیهانەوە هەبووە، بۆ نموونە بروک، وەک لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کردووە، لە ساڵی ١٩٦٠دا مەشقەکانی ڕاگوزارییەکی فراوان، وەکو بەشێک لە تەکنیکی پرۆڤەکانی شانۆنامەی (بانیژە) لە پاریس بە کار دەهێنێت. هەروەها بروک، لە ساڵی ١٩٦٤دا دەگەڕێتەوە سەر ژینییە و دوانزە دیمەنی شانۆنامەی (پەردەکان) بۆ پراکتیزەکردنی ئەزموونەکانی شانۆی توندوتیژ بە کار دەهێنێت. جگە لە بروک، زۆر ڕێژیسۆر و شانۆکار و شانۆ گەورەکانی تری جیهان پەنایان بردووە بۆ شانۆنامەکانی ژینییە، هەر بۆ نموونە ژۆلیان بێک و شانۆی زیندووی ئەمەریکی. ژۆلیان بێک شانۆنامەی (کارەکەرەکان) وەک گەڕانێک بە دوای میتۆد و شێوازێکی تایبەتی شانۆی توندوتیژ و پراکتیزەکردنێکی جودا بە کار دەهێنێت. هەرچەندە شانۆنامەکانی ژینییە دەبنە پلاتفۆرمێکی گرینگی فۆرم و شێوازی کار و پرۆژەی ڕێژیسۆرە گەورەکانی جیهان، بەڵام ئەم نووسەرە هەمیشە بەتوندی ناڕەزایی بەرامبەر ئەم ڕێژیسۆرانە دەربڕیوە و شەڕی ئەوەی لەگەڵ کردوون، کە شانۆنامەکانی دەشێوێنن.

# گەڕانەوە بۆ ڕیتواڵەکان

ریت یان ڕیتواڵ، بە مانای داب و نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی دێت، جا هەر ئایینێک بێت. ئەم ڕیتواڵانە لەنێو ئەو هۆزانەی لە شارستانییەوە دوورن بە جۆرێک تێکەڵی کولتوور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بوونە، کە بوونەتە مایەی سەرنجراکێشان. ئەم ڕیتواڵە ئاینییانەیش ڕەگ و ڕیشەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمە زۆر دێرینەکان و تا ئێستایش لەنێو هۆز و قەبیلە سەرەتاییە دوورەدەستەکانی ئەفریقا، هیندە سوورەکان، هۆزەکانی مەکسیک و ئەمازۆنەکان، دوورگەکانی بالی لە ئیندونووسیا و زۆر شوێنی تر پێڕەویی دەکرێن. لە پەنجا و شەستەکانی هەزارەی ڕابردوویشدا، بەتایبەتی لە ئەوروپا، زۆر گرووپی نوێخواز و ئەڤاندگاری شانۆیی و شانۆنامەنووسەکان قووڵتر چوونەتە بنج و بناوانی ئەو ڕیتواڵانە و لە ڕوانگەی خوێندنەوەیەکی فیکری سەردەمەوە لێیان ورد بوونەتەوە. نەک هەر ئەوان بۆ دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان سوودیان لە بیرۆکەی ئەو ڕیتواڵانە وەرگرتووە، بەڵکو بۆ ڕێژیسۆرەکانیش بووەتە بوارێکی بەپیت تا داهێنان لە تەکنیکەکانی نەمایش و نواندنی شانۆیش بکەن و ئەمەیش لە نەمایشەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەر لەم دەروازەیەوە دەتوانین بڵێین، کە گرووپە ئەزموونکارەکان، ڕێژیسۆرە بە ئەزمووونەکان و بەشێکی زۆری تەوژمی شانۆی هاوچەرخی جیهانی دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی ئەو ڕیتواڵە سەرەتاییانە. ئەم ڕیتواڵانە لە سەرەتادا زیاتر وەک تەکنیک و دیدی ڕێژیسۆرەکان لە نەمایشەکاندا بە

کار دەهێنران، دواتر شانۆنامەنووسەکانیش وەک ئامرازێکی نوێ و چارەسەرکردنێکی جیاواز، جۆرە ڕیتواڵ و تەکنیکێکی تر و ناتەبایان، لە بەرهەمەکانیاندا بە کار هێناوە. ئەکتەر لە دراما و شانۆنامە ڕیتواڵییەکاندا، لە ناوەند و چەقی ڕووداوەکاندایە و دەبێتە گرینگترین ئامرازەکانی نەمایشەکە، تەنانەت دەکرێت بڵێین، کە ناوەڕۆکیش دەچێتە پەراوێزی کاریگەری و بوون و ئامادەگیی بەهێزی ئەکتەرەوە. ئەمەیش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ فۆرم و شێوازی ڕیتواڵە شانۆییەکە، هەر ئەو ڕیتواڵە شانۆییەیشە، کە ئەتمۆسفێرێکی جیاوازی ئاهەنگئامێز بۆ بینەرانیش دەڕەخسێنێت تا بە شێوە و شێوازێکی تر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان، لە لایەکەوە بە خودی نەمایشەکەوە و لە لایەکی تریشەوە بە ئەکتەرەکانەوە هەبێت.

لە ڕێگای گەڕانەوە و بەکارهێنانی ڕیتواڵەوە، هەموو هێماگەلەکانی ناو شانۆنامەکە دەچنە سەرەوەی ڕواڵەتە سروشتییەکان و مانا مەجازییەکانی ڕووداوەکانی سەر شانۆکەیش زوو ئاشکرا دەبن. بەمەیش ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی تەختەی شانۆ یان پانتایی نەمایشەکە بە بینەرانەوە سەقامگیر دەبێت. بەم شێوەیەیش سەرلەنوێ ڕووداوەکان لەسەر شانۆ، بە شێوەیەکی تر جۆرە نهێنییەکی شاراوە لە خۆیان دەگرن. ئەو ڕووداوانە و لەو فۆرمە شاراوەیەدا، ڕێسایەکی واقیعی جیاوازتر دەستەبەر دەکات، بێگومان ئەمەیش تەنها لە ڕوانگەی خودی بەشداریکردنی ڕیتواڵەکەوە، وەک یەکەیەکی هونەری، بەرجەستە دەبێت. هەر لەم دەروازەیەیشەوە، چەمکی ڕیتواڵ لە شێواز و دیدی شانۆنامەکانی ژینییەدا مەودایەکی فراوانی فەلسەفی، ئاکاری و

هونەری لە خۆ دەگرێت. ژینییە دەڵێت دەبووایە هۆڵی شانۆکان لە گۆڕستانەکانی شارەکاندا دروست بکرانایە، گۆڕستانەکان باشترین شوێنن، کە دوور بکەوینەوە لە شوێنە گشتی، مێژوویی و گوزەرانە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکەی ژیانی ڕۆژانەوە. هەر لەم شوێنەدا دەکرێت شانۆنامەکان ئازاد بکرێن لە هەموو جۆرە ئاڕاستە پێداگۆگییەکان تا لەبریی ئەوە نەمایشەکان بگەنە ئاستێکی قورسی تەلیسماوی. هەموو شانۆنامەیەک دەبووایە تەنها یەک جار پێشان بدرێت تا نەمایشەکە هەمان تایبەتمەندیی ڕیتواڵێکی بەخاکسپاردن لە خۆ بگرێت، ئەمەیش وا دەکات ئەو شوێنە ببێتە ڕووداوێکی شیعری وەها، کە تیپە شانۆییەکە بوێرێت و بتوانێت ڕووبەڕووی دەسەڵاتی بەهێزی زمان ببێتەوە و ئەو وشانە بە کار بهێنن، کە ژیانی مردووەکان و مردن خۆیشی هەڵلووشێت. ژینییە ڕیتواڵەکانی لە بنەما قووڵ و دێرینە کولتووری و ئاینییەکانەوە ناهێنێت، بەڵکو ئەو خۆی جۆرە ڕیتواڵێکی تایبەتمەند، شانۆیەکی ئاهەنگئامێزی مەودافراوان لەناو خودی شانۆدا دروست دەکات؛ ئاهەنگ و ڕیتواڵەکانی ژینییە لە دەروازەی هێرشکردنە سەر بنەما باوە کۆمەڵایەتییەکان، ئاکار و سیاسەتی کۆمەڵگای نوێوە سەرچاوەیان گرتووە. شێواز و بنەماکانی ڕیتواڵ لای ژینییە لەسەر بە نزم سەیرکردن و ڕقێکی ئەستوور، دژی کۆمەڵگای مۆدێرنی فەڕەنسی و ئەورووپی بنیات نراون. ئەم نووسەرە لە نێوەندی دراما ڕیتواڵییەکانەوە، جۆرە شانۆیەکی پڕ لە گۆڕانکاریشی خوڵقاندووە، گۆڕانکاری لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر: هیچ شتێک وەکو خۆی نییە، هەموو شتێک وەک گەمە، ئاهەنگ و ڕیتواڵێکی بەهێز، بە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی بەردەوامدا تێدەپەڕێت.

## کارەکان
## گرفتی تەنگژە چینایەتییەکان

کۆمەڵێک هۆکاری چینایەتی و دەروونی و کۆمەڵایەتی وا لە ژینییە دەکەن، کە ئاوڕێکی قووڵ لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە بداتەوە و بیکاتە بنەمایەکی ڕاستەوخۆی یەکەم شانۆنامە ڕیتواڵییەکانی. بەرلەوەی بچینە سەر خودی دەقی شانۆنامەکە و شیکردنەوەی ڕووداوەکانی، بە پێویستی دەزانم، ئاماژە بە ڕەوشی ئەو هۆکار و کارەساتە بدەم، کە وایان لە ژینییە کردووە شانۆنامەکەی بنووسێت.
لە ساڵی ١٩٣٣ی سەدەی ڕابردوودا، ڕووداوێکی دڵتەزێن و کارەساتێکی ترسناک و چاوەڕواننەکراو، تێکڕای کۆمەڵگای فەڕەنسی بە گشتی و پاریس بەتایبەتی دەشڵەژێنێت. زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕووپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، فەیلەسوف و نووسەرە گەورەکان باسی تاوانێکی توندوتیژ و دڕندەیی دوو خوشکی چینێکی نزمی کۆمەڵ دەکەن. ئەم دوو خوشکە، کە بە ڕەوشتێکی بەرز و گوێڕایەڵ و دڵسۆز ناسرابوون و بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکان، کارەکەری ماڵێکی دەوڵەمەند و خانەوادەیەکی میهرەبان و دیارن. لەپڕ ڕقێکی گەورەی خەفەکراوی دەروونیان دەتەقێتەوە و ئێستا تاوانبارن و هەموو کۆمەڵگای فەڕەنسی نەفرەتیان لێ دەکات و داوای فەرمانی لەسێدارەدان و توندترین سزای بەندیخانەیان بۆ دەکەن. با بزانین بۆ؟
لەپڕ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دوو خوشکە کارەکەرە، خانم و

کچەکەی ئەو ماڵەی کاری لێ دەکەن، دەفڕێننە نێو دارستانێکی چڕی دەرەوەی شاری پاریس. لەو دارستانەدا زۆر بێبەزەییانە و بە دڵێکی ساردەوە خانم و کچەکەی دەکوژن، دواتر جەستەکانیان پارچە پارچە دەکەن و لە دارستانەکەدا، لێرە و لەوێ دەیانشارنەوە.

ئەم ڕووداوە کۆمەڵێ پرسیار لەگەڵ خۆیدا ئاڕاستە دەکات و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای فەڕەنسی بە دوای پرسیارە بێ وەڵامەکاندا دەگەڕێن. لەو پرسیارانەیش: کەی و بۆچی مرۆڤ تاوانێکی وا گەورە و دڵڕەقانە دەکات؟ دەکرێت بڵێین، کە ئەو خانمە بە شێوەیەکی دڵڕەقانە و خۆبەگەورەزانینەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو دوو خوشکە کارەکەرەدا کردبێت یان ئەو دوو خوشکە بەم کارەیان جۆرە شۆڕشێکیان بەرپا کردووە و بەم شێوەیەیش کۆتاییان بە جیهانێکی ناڕەوا و نایەکسان و دژوار هێناوە. لەم پشێویی و گێژاوە گەورەیەدا، کەسایەتیی ناوداری فەرەنسی (سیمۆن دو بوڤوار) ئەم پرسیارە دەورووژێنێت: ئایا کێ بەرپرسیاری ڕاستەقینەی ئەم تاوانە دڕندانەیەیە؟ بێگومان ئەمە لە بەرئەنجامی ئەو پاڵەپەستۆ و نایەکسانی و زوڵمە زۆرەوە، کە ئەم دوو خوشکە، بەهۆی ئەو جۆرە شێتی و تاوانبار و دڕەندەییەوە، کە کۆمەڵ بەرهەمیان دەهێنێت، دووچاری بوون. هەروەها (جاک لاکان) هەوڵی داوە، لە بنەماکانی ئەم تاوانە بکۆڵێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ سەر سەرچاوە سەرەکییەکانی هەواڵەکە و پەردە لەسەر هۆکارە ناوەکییە دەروونییەکانی تاوانەکانی سەردەم هەڵبماڵێت. لاکان بۆ ئەم مەبەستە گەڕاوەتەوە بۆ سەر دەفتەری پۆلیس و لێپێچینەوە

سەرەتاییەکانی دامودەزگاکانی پۆلیس لەگەڵ ئەم دوو خوشکە، بەرلەوەی بەڵگەنامەکان بگەنە دەست دادوەر و دادگا و بەوردی شرۆڤەی کردوون. بەڵام دەروونناسەکان زیاتر تاوانەکەیان بۆ حاڵەتێکی دەروونی و تەوژمێکی شێتی و لەدەستدانی لۆژیکی ئەقڵ، لەلای ئەو دوو خوشکە گەڕاندۆتەوە. هەروەها ئەم ڕووداوە کۆمەڵێک تێڕامانی فەلسەفیش لە لای چینێکی تری کۆمەڵگای فەڕەنسی دەورووژێنێت، بۆ نموونە چۆن هەوڵەکان لەپێناوی گۆڕانکارییەکاندا کۆتاییان پێ دێت. بەڵام لە لایەکی ترەوە هەر ئەو پرسیارە فەلسەفییانە بەرەنگاری ڕووداوێکی دڕندەئاسای لەو شێوەیە دەبنەوە و بە هیچ شێوەیەک نایانەوێت پاساو بۆ تاوانێکی ئاوها گەورە بهێننەوە. ئەم کارەساتە ژینییە زۆر سەرقاڵ دەکات تا لە ئەنجامدا ئەم ڕووداوە ڕاستەقینەیە دەکاتە بابەتی یەکەم شانۆنامەی، کە (کارەکەرەکان)ە. ژینییە هەوڵ دەدات لە شانۆنامەکەیدا هێز و وزەی نێوان سێ کەسی سەر بە چینێکی جیاوازی کۆمەڵگای فەڕەنسی بەرجەستە بکات، دەسەڵات بکاتە دینامیکییەتی پەیوەندییەکان و لەم نێوەندەیشدا چەمکەکانی گەمە ببێتە ئامرازێکی گرینگی گەیاندن و گوزارشتکردن لە حاڵەت و هێما دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.

ژینییە لە شانۆنامەکەیدا دەیەوێت ئەوە دووپات بکاتەوە، کە ئێمەی مرۆڤ دەکرێت ببینە بوونەوەری دڵڕەق و قێزەون، بۆ نموونە مرۆڤ هەندێک جار لەپێناوی گۆڕانکارییەکاندا ببێتە چی یان پەنا بەرێتە بەر ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی سەرسووڕهێنەر.

ئەمڕۆ مەسەلە چینایەتییەکان، بەتایبەتی لە ئەوروپا، هەمان بەها و کاریگەریی سییەکانی سەدەی ڕابردوویان نەماوە و نییە،

بەڵام شانۆنامەی (کارەکەرەکان) بە هەمان شێوەی ساڵانی سی، کاریگەریی و هێز و وزەی خۆی لە دەست نەداوە، ئەمەیش بە ڕای من زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیهانە ئەبسوردە ڕیتواڵییەی، کە ستراکتوری دەقەکە پێک دەهێنێت و ڕەوتی ڕووداوەکان بە ڕیتواڵێکی بەهێزی شانۆیەکی ناو شانۆ ئاڕاستە دەکات. ئەو ڕووداوانەی، کە دێنە ژیانمانەوە و ناتوانین پێشیان لێ بگرین، ئەو ڕووداوانەی، کە لەپڕ هەموو شتە جوانەکان دەشێوێنن و بەرەو بارە ناشیرین و قێزەونەکانیان دەبەن، ئاڕاستەی نەک هەر ژیان، بەڵکو ئەو دونیایەیش کە تێیدا دەژین، دەگۆڕن. لە خانوویەکی جوان و قەشەنگدا، خانمەکە تەنها خاوەنی ئاوێنە، جلوبەرگ، ئارایشت، دۆڵاب و کەلوپەلەکانی تری نێو ماڵەکە نییە، بەڵکو خاوەنی کارەکەرەکانیشە. ئەوەی لەم شانۆنامەیەدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە خانمەکە لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە جیاوازیی چینایەتیدا گەورە بووە، هەموو مامەڵەکانیشی لەم ڕووەوە بە شتێکی سروشتی ناوەزەد دەکرێن. بەڵام دوو خوشکە کارەکەرەکە لەنێوان خۆیاندا، کە سەر بە چینە نزمەکەی کۆمەڵگان، لە کێشەی ئەوەدان، کە کامیان لەوی تریان بەهێزترە. ئەمەیش هاوکێشەیەکی گرینگی شانۆنامەکەیە و بە شێوازێکی زیاتر کاریگەر پاڵ بە ڕووداوەکانەوە دەنێت و "کارەکەرەکان" ڕووبەڕووی خۆیان و ڕووبەڕووی "خانمەکە" دەکاتەوە. چەمکەکانی دەسەڵات لە دوو مەداری جیاواز و دژ بە یەکتردا دەسووڕێنەوە: یەکەم، دەسەڵاتی خانم بەرامبەر کارەکەرەکان، دووەمیش گەمەی دەسەڵاتی نێوان دوو خوشکە کارەکەرەکە، ئەوان گەمەی بەهێز و بێهێز، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات دەکەن و لە کێشەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامدان.

## (کارەکەرەکان) لەنێوان گەمەی دەسەڵات و لەدەستدانی خوددا

شانۆنامەی (کارەکەرەکان) چیرۆکێکی دژوار و تراجیدیای دوو خوشک: سۆلانژ و کلێرمان بۆ دەگێڕێتەوە و لەم چیرۆکەدا ڕق و خۆشەویستی لە یەک کاتدا بەرانبەر بە خاوەنماڵەکە و بەرانبەر بە خۆشیان دەردەکەوێت. ژینییە لە شانۆنامەکەیدا دوو ناوی سیمبولی، کە گوزارشت لە تاریکیی ڕەوش و بارودۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو خوشکە کارەکەرە دەکات، داناوە. سۆلانژ، مانای (پادشای خۆر) و کلێریش ڕووناکی یان تیشکی ڕووناکی دەگەیەنێت.  ئەم دوو خوشکە هەوڵی ئەوە دەدەن لە ڕوانگەی گەمەیەکی شانۆییەوە ئارەزووە کپکراوەکانیان دەرببڕن، لەم گەمەیەدا بە بەردەوامی ڕۆڵی خانمی خاوەنماڵەکە دەگێڕن. بۆ نموونە کلێر، ڕۆڵی خانمەکە و سۆلانژ ڕۆڵی کلێر دەگێڕێت و گەمەکەیش لە ژوورەکەی خانمدا دەکەن. ئەمەیش پێویستیی ئەم دوو کارەکەرەیە، کە چواچێوەیەکی سروشتی و ڕاستی و واقیعی بۆ گوزارشتکردن لە گەمە و خەونەکەیشیان دابین بکەن. بێگومان بۆ ئەوەی گەمەکەشیان سەرکەوتوو بێت، دەبێت بنەما ڕاستەقییەکانی ئەو گەمەیە دیاری بکرێت تا هێماگەلەکان لەگەڵ بنەما ئایدۆلۆژییەکاندا یەک بگرنەوە و ئەو خەونە بگۆڕێت بۆ گەمەیەکی ڕاستی و ڕووداوێکی واقیعی. تێکستەکە بە زمانێکی تیژ و ڕاستەوخۆ، هەست و سۆزێکی هەڵچوو و بەرجەستەکردنی خۆشەویستی / ڕق و کێشەکانی دەسەڵات ڕوون دەکاتەوە. ئەم دوو خوشکە لە یەک کاتدا

خانمی ماڵەکەیان خۆش دەوێت و هەروەها ڕقیشیان لێیە، دەیپەرستن و هەروەها دەیانەوێت بیکوژن. بێگومان مەسەلە چینایەتییەکانیش لەپاڵ پرسە خودگەراییەکاندا، خاڵێکی گرینگی دەقەکەن. کارەکەرەکان بە شێوەیەکی زۆر تۆقێنەر، ڕق و شەڕ تێکەڵاو دەکەن، هەموو شتێک لە دووتوێی گەمەیەکی ترسناکدا ڕوو دەدات و بەرئەنجامەکانیشی شتێکی چاوەڕواننەکراو و ڕووداوێکی دڵتەزێنە.

## کلێر

ئێوە هەست بە هاتنی ئەو ساتەوەختە دەکەن، کە ئیتر کارەکەر نین. بیر لە تۆڵە دەکەنەوە؟ خۆتان ئامادە دەکەن؟ نینۆکەکانتان تیژ دەکەنەوە؟ کینە وەئاگاتان دێنێتەوە؟ کلێر ... بیر خۆتانی مەبەنەوە ... کلێر گوێتان لێمە؟ بەڵام کلێر ئێوە گوێم لێناگرن!

ژینییە بۆ یەکەمجار تەکنیکە جیاواز و شانۆ ڕیتواڵییەکەی لە شانۆنامەی کارەکەرەکاندا دەردەکەوێت، ئەو فۆرم و تەکنیکەیش دادەنرێت بە سەرەتایەکی چاوەڕواننەکراوی پڕ لە سەرنج و تێڕوانین. ژینییە هەر لە سەرەتاوە بینەر لە شانۆنامەی کارەکەرەکاندا چەواشە دەکات و بەهۆی شێوازە هونەرییەکەیەوە فێڵیان لێ دەکات. بینەران لەو بڕوایەدان، کە سەیری خانمێکی بەڕێزی سەر بە چینێکی بەرزی سەردەمی (لویسی پازدەیەم) دەکەن. ئەم خانمە سووکایەتی بە

کارەکەرەکەی (کلێر) دەکات، لەکاتێکدا ئەو کارەکەرە بەدبەختە یارمەتیی خانم دەدات تا جلوبەرگەکانی لە بەر بکات. بەڵام دوای تاوێک و دەنگێکی ئاگادارکردنەوە، بینەران لەوە حاڵیی دەبن، کە ئەو خانمە لە ڕاستیدا تەنها کلێری کارەکەرە و ڕۆڵی خانمەکە لەگەڵ کارەکەرێکی تردا (سۆلانژ) کە خوشکییەتی، دەبینێت.

**سۆلانژ**

(وا پێدەچێ کە کلێر بخنکێنێ، لەم کاتەدا کاتژمێرە زەنگدارەکە زەنگ لێ دەدا، سۆلانژ دەوەستێ، هەردوو ئەکتەرەکە پێکەوە دەلکێن و بە حەپەساوییەوە گوێ لە زەنگی کاتژمێرەکە ڕادەدێرن) چ زوو؟

**کلێر**

با پەلە بکەین، ئێستا خانم دێتەوە! (دەست بە داکەندنی جلەکان دەکا) وەرن یارمەتیم بدەن، کات بەم خێراییە تێدەپەڕێ و ئێوەیش هەر تەواو نەبوون!

ئەم دوو کارەکەرە هەموو شەوێک ئەم ڕیتواڵە پڕ لە ڕقە دەگێڕن و بە نۆرە ڕۆڵی خانمەکەشیان دەبینن. بەم شێوەیە ئەم دەستە خوشکە ڕۆڵی خانم و کارەکەرەکەی، کارەکەر و خانمەکەی دەبینن، ڕۆڵەکانیشیان لە ڕوانگەی گەمەیەکی شانۆییەوە دەگۆڕنەوە. ئەوەی گرینگە لەم گەمەیەدا ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە ئەم دوو خوشکە، لە بنەمای گەمەی گۆڕینەوەی ڕۆڵەکانیانەوە، گوزارشتیان لە یەکتری کردووە، گوزارشتیان لە قێزی خۆیان لە یەکتری، لە خودی خۆیان و لە خانمەکەیان کردۆتەوە.

ژینییە کارەکتەرەکانی لە چوارچێوەی پێناسەیەکی تایبەتمەندەوە داڕشتووە، بۆیە لەو وێنە تەڵخانەوە بەرجەستە دەبن، کە لەناو ئاوێنەکانەوە ڕەنگ دەدەنەوە. لە ڕێگای ئەم ئاوێنە تەڵخانەیشەوەیە، کە کلێر و سۆلانژیش دەبنە کۆمەڵێک خەونی کۆمیدی دیارینەکراو، سەرپێچی لەو بەند و یاسا و بەربەستانە دەکەن، کە خۆیان ملیان بۆ کەچ کردووون. کلێر ڕقی لە سۆلانژی خوشکی دەبێتەوە، چونکە سۆلانژ سەد دەر سەد وێنەی کۆیلایەتیی خۆیەتی. (ئەوان هەردووکیان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە بێزارن لە بینینی ئەندێشەی خۆیان، کە لەسەر ئاوێنەکان ڕەنگ دەداتەوە.) بە هەمان شێوە و لەبەر هەمان هەڵوێستە و هۆکارە دەروونییەکان، سۆلانژیش ڕقی لە کلێر دەبێتەوە.

**کلێر**

خۆشەویستیی بێ مانایە ... بەڵام ئیتر من وەڕس بووم لەم ئاوێنە ترسناکەی، کە وێنەکەم وەک بۆنێکی گەنیو بەرەو ڕووم دەنێرێ، ئێوە ئەو بۆنە گەنیوەی منن ... ئێوە! زۆر چاکە ... من ئامادەم، من تاجەکەی خۆمم دەبێ و دەتوانم لە ژوورەکاندا پیاسە بکەم...

ئەم تووڕەیی و قین و ڕیتواڵە توندوتیژە، شانۆییەکەیشیان بەرەو گەمەیەکی خوێناوی دەبات و لە بەرئەنجامدا، کلێر لەبریی خانمەکەیان دەبێتە قوربانی و قەنداخە ژەهراوییەکە هەڵدەقوڕێنێت.

**کلێر**
نکوڵیی لێ مەکەن، بینیمن ... (بێدەنگییەکی درێژ) ... و ترسام، سۆلانژ ... ترسام. کاتێ تەمسیل دەکەین من دەست بە گەردنمەوە دەگرم، چونکە ئێوە بە هەوای خانم نیشانەم لێ دەگرنەوە، چونکە هەست دەکەم گیانم لە مەترسیدایە...

لەم نەمایشەدا، ڕیتواڵ ڕۆڵی کاریگەریی خۆی بینیوە، فێڵە شانۆییەکانیش لەنێو خودی گەمە شانۆییەکەدا، چارەنووسێکی بابەتییانەی شۆڕشی چینایەتییە. هەر بەهۆی ئەم فێڵە شانۆییەشەوە، توانیویەتی بنەما واقیعییەکان لە پانتاییەکی جیاوازتری ڕیتواڵیدا بەرجەستە بکات و مەودا و هەل و مەرجێکی تریان پێ ببەخشێت. بەم شێوەیەیش ڕق و قینی کارەکتەرەکان و بینەرانیش سەبارەت بە خانمەکە دەردەبڕێت.
ژینییە لە سەرەتادا دەیویست دوو ئەکتەری پیاو ئەم ڕۆڵانە ببینن تا ڕیتواڵی نەمایشەکە مەودا و پانتاییەکی قووڵتر لە خۆ بگرێت، ڕێژیسۆر و شانۆکارەنەکان بۆچوونێکی تریان هەبووە و زیاتر ڕۆڵەکانیان بەخشیوە بە ئەکتەری ژن.
بەڵام لە ساڵی ١٩٦٧دا ئەو هیوایەی ژینییە دێتە دی، گرووپێکی فەڕەنسی شانۆنامەی (کارەکەرەکان) بە دوو ئەکتەری پیاو، کە جلوبەرگی ئافرەتیان پۆشیوە، پێشکەش دەکەن، هەروەها ڕۆڵی خانمەکەیش دەبەخشن بە پیاوێکی قژدرێژی قۆڵ و باڵ ئەستوور. نەمایشەکە سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست دەهێنێت

و له زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوادا پێشکەش دەکرێت.
شانۆنامەی (کارەکەرەکان) لە ساڵەکانی پەنجاکانەوە و تا ئێستایش بۆتە جێگای سەرنج و گرینگیپێدانی زوربەی شانۆ ئەزموونگەر و پێشرەوەکانی ئەوروپا و دونیایش.
(کارەکەرەکان) جگە لەو ناوەرۆکە دەوڵەمەندەی، کە بۆ هەموو کات و شوێن و سەردەمێک دەگونجێت، دووپاتکردنەوەیەکی بەردەوامی شانۆ و تەکنیکی هونەری و ڕێژی و توانا بێ سنوورەکانی هونەری شانۆیە.

## سەرچاوەکان

### بە سوێدی

Genet, Jean, Essaer och artiklar, urval och oversttning av Kim West. Site Editions/Propexus, 2006

Genet, Jean, Skarpt bevakning, oversettning av Sebastian Duraffourd med forord av Johan Gardfors, Bladstaden, 2010

### بە کوردی

ژینییە، ژان، کارەکەرەکان، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداخی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦

ڕەئووف، دانا، لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن، چاپ و بڵاوکردنەوەی (ڕەنج) ٢٠١٠

### بە عەرەبی

شمعبو، د. آحمد دیب، مدخل الی مسرح جان جینیه، آلاداب آلاجنبیه، آلعدد ٥٠ آلسنه ١٩٨٧

ج. ل. ستیان، الدراما الحدیثه بین النضریه و التطبیق، ترجمه، محمد جمول،

منشورات وزاره الثقافه، دمشق ١٩٩٥